## لاوازی ڕۆلی گەنج و بی بەرنامەیی ... عەبدوڵلا ئەحمەد شێرکاوەیی

S_sherkaway@yahoo. com

لەم واقعەدا ئەگەر چی هەوڵی زۆر بۆ پەرەپێدانی لاوان و گەنجان دراوەو زۆر سەنتەرو دەزگا و بنكەی تايبەت بەم توێژە وجودیان هەیە، وێرای جموجۆڵی بەردەوامی رێكخراوەكانی گەشەپێدان و تايبەت بەم بوارە، یاخود لە رووی راگەیاندنەوە قسەی زۆر لەسەر ئەم تەوەرانە كراوەو تەنانەت بۆئەم مەبەستەش هەندی جار لە توێژینەوەی تايبەت بەم مەسەلە شیكارگەلێك ئەنجام دراون و هەردوو لايەنی لاوازی و بەهێزی و هۆكارەكانی پەیوەستیش بەرچاو خراون، لی تا هەنووكە نەتوانراوە توێژی گەنج بەرەو واقعێك ئاراستە بكرێت كە تەواو تەعبیر لە ماهیەت و پرۆسەی داهێنان و توانا زاتیەكانیان بكات، تائێستاش زۆربەی لاوانمان لە غیابی زۆرێك لە ئەركەكانیان دەژن نازانن چۆن چۆنی رێگەی بەختەوەری و سەركەوتن بۆ خۆیان مسۆگەر بكەن، ئەدی ئەوە نیە دیاردەی بێكاری و نەبوونی پەروەدەیەكی نا تەندروست ونەبوونی پرۆسەی بەرەو چاكتركردنی باری گوزەان و پەلكێش كردنیان بەرەو بیری نەتەوەیی و نیشتانپەروەری كاری كردۆتە سەر چارەنووسی ئەو لاوانەی كە نموونەیان زۆرە و لە تەمەنێكی بەرەو سەریش دان بەلأم نازانن ئینتیمای نەتەوەییان چۆنە و بە كام ئاقاری كاركردن لەسەر میكانیزمەكانی بەرەو ئایندەیەكی باشتر هەنگاو بنێن، ئەدی ئەوە نیە رۆژانە لە رووی كۆمەڵایەتیەوە چەندین گرفت دێنە ئارا كە زادەی ئەو كەمتەر خەمیەیە بەرامبەر بە هزرو ئایدلۆژیای ئەو نەوەیە كە ئاسۆی دوا رۆژی گەلەكەمانن دەكرێت، ئەدی ئەوە نیە خەریكە گەندەڵی ئیداری وانەیەك بەو نەوەیە دەدات كە ئیتر ئەوانیش بەهەمان شێوە مامەڵە بكەن، ئەدی... ئەدی.... ؟ گرنگ ئەوە لەمەودوا بیر لە خزمەتكردنی ئەم توێژە بكرێتەوە و نەوەكانمان لەسەر بنچینەی ئاینپەرەوەری و نەتەوەپەروەری و دڵسۆزی و لێبوردەیی و قبوڵكردنی یەكتر و رێزگرتنی بەرامبەر پەروەردە بكرێت. دەبی بە تەرزێكی فراوانتر لاوانمان بیر بكەنەوە و هەوڵی وەگەڕخستنی تواناكانیان بدرێت بۆ ئەوەی ئەمرۆ لە دوێنی و بەیانی لە هەنووكە باشتر و چاكتر بكەین، بۆ ئەوەش نەوەی نوی پەیامی ژیاندۆستی و كوردپەروەری و دڵسۆزی بەرامبەر گەل و بەرژەوەندیە باڵاكانی بە خودی خۆی و دەوروبەر بگەیەنێت. ئەگەر چی ئەو لاوازیەی لە نێوان لاوی ئەمرۆ دەبینری وگەر بمانەوی بە دوای هۆكارو چارەسەری بگەڕێین، من پێموایە تاوتوی كردنی ئەم مەسەلەیە شیكاری ووردی دەوی. هەم لەو ڕوانگەوە كە لە باربوونی دۆخە واقعیەكان كاریگەری خۆی هەیە و هەمیش وونبوونی ئەو توانا خودیانەی كە لە سروشتی لاوودا وجودیان هەیە، دەكری ڕۆڵی دەزگاكانی حكومی و مەعریفی پەیوەندار بە سەرەكیترین ڕەهەند هەژمار بكەین بۆ دروست كردنی زەمینەی كاراكتەركردنی لاوان لە تێكرای بوارە جیاجیاكانی ژیان و لایەنە پەیوەستەكانی تاك خۆی. هەرچەندە لە كۆمەڵگای ئێمەدا پێموایە بوارێك تەواو نەسازاوە تا بشی ئیرادەكانی گەنج و لاوانمان خۆی لە مەیدانی پراكتیكیەوە ببینێتەوە. هۆكەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داهێنكارە نێگەتیڤانەی كاردانەوەی لە سەر عەقڵیەتی كۆمەڵگا كردووەو لاوانی خستۆتە ژێر كاریگەری خۆیەوە. بگرە هەر لە جیاوازی عەقڵیەتی كۆمەڵگا و بوونی ئینتیما لە سەر بنچینەی ڕەتكردنەوەی بەرامبەرو كەپكردنەوەی زمانی ڕەخنەی چاكساز لە هزری لاوان و سست بوونی پەروەردەیەكی هۆشیاریانە لە نێوەندە روشنبیریەكاندا، هەر ئەمەشە وای لە زۆرێكی گەنج و لاوانی كۆمەڵگای ئێمە كردووە كە لە گۆشەیەكی ڕەشبینیەوە بڕواننە ئایندەی خۆیان و دەوروبەریان و هەڵوێستەی چەقبەستە دەهەمبەر كێشەكانی كایەی واقع بورژێنن. لێرەدا گەر بەدوای چارەیەك بۆ ئەم مەسەلەیە بگەڕێین بۆ بە گەڕخستنی ڕۆڵی لاوان و توانا زاتیەكانیان. دەبی دەزگاكانی حكومی و ناوەندە روشنبیریەكان هەوڵی بنبڕكردنی ئەو قەیرانانە بدات كەبونەتە بەربەست لە بەردەم ڕۆڵی

لاوان و بایەخێکی ئەکتیڤانەش بە هەموو ئەو ڕێگایانە بدەن کە تیایدا ئیرادەی لاوانمان بە شێوەیەکی چالاکانە پەروەردە دەکات. ئەو رێکخراوانەش کە پەیوەست بە لاوانن بکارن لە سەر هێلەکانی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی و بنەماکانی دیموکراسی و شارستانیەت و بیرفراوانیەوە کار بکەن. نەخاسمە لەم واقعە کە دەخوازی تەواو خزمەت بە توێژی گەنج و لاوان بکرێت تا ڕەنگدانەوەی ئیجابی بە سەر ئێستاو ئایندەی کۆمەڵگاوە دروست بکات..